# یاسای رۆژنامەگەریی
# لە نێوان ئاکار و ئازادییدا

## خوێندنەوەیەکی رەخنەیی بۆ (یاسای رۆژنامەگەری

## لە کوردستان، ژمارە 35ی ساڵی 2007)

**پرۆفیسۆر هێرش رەسوڵ**
ماستەر لە ئاکار و یاسای راگەیاندن
دکتۆرا لە کۆمەڵناسیی راگەیاندن

یاسا، بوارێکی گرنگ و پێویستی ژیانی کۆمەڵ و تاکەکانیەتی، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ رێکخستنی جوڵانەوە جیاوازەکانی هەر کۆمەڵێکی مرۆیی، بۆیە هەمو کار و پیشەیەکیش بە یاسای تایبەت بە خۆی رێکدەخرێت، لەو ئاستانەدا راگەیاندن و رۆژنامەنوسیی-یش وەکو پیشەیەکی هەستیار و جێبایەخی کۆمەڵ خاوەنی یاسای تایبەتی خۆیەتی، بەو مەبەستەی پیشەکە رێکبخات و سنوری کاری راگەیاندنکار و رۆژنامەنوسانیش بکێشێت.

بە شێوەیەکی گشتیی، یاسای رۆژنامەنوسیی هەوڵێك دەبێت بۆ پاراستنی رەوشی وڵات و کۆمەڵ لە پشێویی و بەزاندنی سنورەکانی ئازادیی رادەربڕین و خراپبەکارهێنانی ئەم مافە لە لایەك و دەستەبەرکردنی ئازادیی کار و بەخشینی زانیاریی لە پێناو بەرژەوەندیی کۆمەڵ لە لایەکی دیکەوە.

سەرباری ئەمانەیش، لە هەندێ وڵاتدا، کە سیستمی بەڕێوەبردنیان دیکتاتۆریی و تۆتالیتارییە، یاسا وەکو ئاستەنگێکی گەورەی بەردەم ئازادیی

ڕۆژنامەنوسیی و کارابون و بەچاودێربونی ڕۆژنامەنوسیی دادەنرێت، بۆیە لە گشت هەلومەرجەکاندا یاسا بە تەنها گونجاو و دروستنابێت و بونی یاسای نادروستیش بەدورنازانرێت، بەڵام سیستمی کراوە و دیموکراس خاوەنی یاسای شیاوی ڕۆژنامەنوسییە.

لەو دەسپێکەی سەرەوەوە، دەمەوێت چەند سەرنجێك دەربارەی (یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا، ژمارە 35ی ساڵی 2007) بخەمەڕو.

پشتبەستن بە حوکمی بڕگە (1)ی مادده (56) لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەمووارکراو لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان- عیراق، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عیراق لە دانیشتنی ژمارە (33)ـی ڕۆژی 2007/12/11 بەهۆی واژۆنەکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان- عیراق، بە پێی بڕیاری ژمارە (1)ـی ساڵی 2008 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عیراق، لە دانیشتنی ژمارە (4)ـیدا، کە لە 2008/9/22 گرێدرا، بڕیاری دانانی (یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان)ـیدا، ئەمەش دوای ئەوە هات، کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان پرۆژەیاسایەکی گەڵاڵەکرد و ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیرانی کرد و لەوێشەوە بۆ پارلەمانی کوردستان نێردرا.

هەرچەند ڕۆژنامەنوسان و ڕۆشنبیران و یاساناسان، پێش ناردنی پرۆژەکە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و دوای ناردنیشی بۆ ئەنجومەن و کاتێکیش لە پارلەماندا گفتوگۆی لەسەر دەکرا و پەسەندکرا و پاش واژۆنەکردنی لە لایەن سەرۆکی هەرێم و گەڕاندنەوەی بۆ پارلەمان، سەرنجی خۆیان دەربڕی و داوای پێداچونەوەیان کرد، بە تایبەت بەو بەند و بڕگانەی پەیوەندییان بە ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەنوسیی و مافی زانین و دەستکەوتنی هەواڵ و زانیاریی ڕۆژنامەنوسانەوە هەیە، بەڵام ئێستایش کە پەسەندکراوە و یاسایەکی بەرکارە لە هەرێمی کوردستاندا، دەکرێت لە لایەن توێژەر و ڕۆژنامەنوسان خۆیانەوە

خوێندنەوەی جددیی بۆ بکرێت، تاوەکو لە هەموارکردنەوەیدا سودی لێ ببینرێت.

بەر لە هەر شتێك، پێویستە دان بەوەدابنێین، ئەم یاسا نوێیە لە هەندێ رووەوە جیاوازیی لەگەڵ **"یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان، ژمارە 10ـی ساڵی 1993"**دا هەیە، بە تایبەت سەبارەت بە شێوازی دەرچواندنی رۆژنامە، کە لە سیستمی مۆڵەتوەرگرتن (**الایجازة**) وە بۆ سیستمی ئاگاکاریی (**الاخطار**) گۆڕدرا، هەندێ دەستەواژەی لاستیکیی و تەمومژاویی وەکو: **ئادابی گشتیی، سیستمی گشتیی**... نەخراونەتە دەقی یاساکەوە، زیندانیکردن وەك سزادانی رۆژنامەنوس نەماوە و تەنها سزای پێبژاردن (**الغرامة**) بەکاردێت، دەقنوسکردنی کۆمەڵێ ماف و جیاوگ (ئیمتیازات) بۆ رۆژنامەنوس لە یاساکەدا، بەڵام ئەم یاسا تازەیە، رۆژنامەنوس روبەڕوی گرفتی گەورەی یاسایی دەکاتەوە، بە جۆرێ ئەو خاڵە بەهێزانەی سەرەوە دەسڕێتەوە، چونکە دەقی یاساکە لە هەندێ رووەوە ناتەواویی و کەموکوڕیی هەیە، لە کاتی بونی کێشەی پەیوەست بە کاروباری رۆژنامەنوسیی و بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنەش دادوەران ناچاردەکات بۆ یاسای دیکە بگەڕێنەوە، وەکو: یاسای سزادانی عیراق، ژمارە 111ـی ساڵی 1969، یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان، ژمارە 10ـی ساڵی 1993، یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، ژمارە 4ـی ساڵی 1998 - هەموارکراو، یاسای سندوقی خانەنشینی رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان، ژمارە 13ـی ساڵی 2001.

سەرەتا لە ناوی یاساکەوە دەستپێدەکەم، بە بڕوای من، لە روی یاسایی و دەستوریی و واقیعیی و، بە بەراورد بە"ناو"ی یاساکانی دیکەی هەرێم دروست نییە، دەبوایە لە بری "یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان"، "یاسای رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان" بوایە، چونکە ئەمە لایەنی یاساییە و

ناکرێ لێکدانەوەی تری بۆ بکرێت و پاساوی نەتەوەیی بۆ بهێنرێتەوە، وشەی "کوردستان"ـیش بە گشتیی هەمو پارچەکانی کوردستان دەگرێتەوە، لە کاتێکدا یاساکە تەنها بۆ ئەم پارچەیەی کوردستانە، لە ماددەی یەکەمی یاساکەشدا (کە تایبەتە بە پێناسە و پرەنسیپەکان) بڕگەی یەکەم بۆ خستنەڕوی مەبەستی زاراوەی "هەرێم" تەرخانکراوە، وەکچۆن لە ماددەی 113ی دەستوری هەمیشەیی عیراقیشدا ساڵی 2005 پێناسەی "هەرێمی کوردستان" کراوە بەوەی: "ناوچەیەکی جوگرافییە، دەکەوێتە نێو دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خاوەنی حوکمی فیدراڵییە لە چوارچێوەی کۆماری عیراق و لە لایەن حکومەتی عیراقەوە، بە پشتبەستن بە دەقی دەستوری هەمیشەیی عیراق، دانی پێدا نراوە".

یەکێکی تر لە سەرنجە گرنگەکان، تایبەتمەندبونی یاساکەیە، تەنها بە بواری راگەیاندنی نوسراو، لە کاتێکدا لەگەڵ زۆربونی کەناڵەکانی راگەیاندن لە هەرێمی کوردستان و سەرهەڵدانی گرفتێکی زۆر، بۆ راگەیاندن بە گشتیی بوایە باشتر و شیاوتر بو، وەك لەوەی بە تەنها بۆ بوارێك، ئەمەش بەهەرحاڵ رەنگە پاساوی گەڵاڵەکردنی یاسای تایبەت بۆ بوارەکانی تریش بهێنرێتەوە، بەڵام دەبینین بڕگەی چوارەمی ماددەی یەکەمی یاساکە لە پێناسەی "رۆژنامەگەری"دا دەڵێت: "پیشەی رۆژنامەگەرییە لە کەناڵە جیاوازەکانی راگەیاندندا"، ئەمەش هەڵەیەکی یاساییە، چونکە یاساکە کەناڵە جیاوازەکانی راگەیاندن ناگرێتەوە. هەروەك هەمان هەڵە لە بڕگەی دوای ئەو (پێنجەم)ـیش دوبارەبوەتەوە: "رۆژنامەنووس: هەر کەسێك، کە لە بواری رۆژنامەگەریدا لە هەر کەناڵێکی راگەیاندندا کاردەکات".

لە هەمان بڕگەدا وشەی "کاردەکات" هاتوە، بەڵام نادیارە و روننەکراوەتەوە، بۆیە لەو حاڵەتەدا کێشەیەکی یاساییمان دێتە رێگە و دیسانەوە دەبێت بۆ یاسای تر بگەڕێینەوە، وەکو یاسای سەندیکای

ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و یاسای سندوقی خانەنشینی ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان، کە ڕۆژنامەنوس بە ئینتیما بۆ سەندیکا و پابەندبون پێیەوە دەبەستنەوە، ئەمەش خۆی دژی ئازادیی پیشەیی و ڕێکخراوبونی مەدەنییە.

وەکو لە مادده و بڕگەکانی دەردەکەوێت، یاساکە بۆ ڕێکخستنی چاپکراوی خولەکیی (دەوری)ـیە، بۆیە دەبوایە لە بڕگەی شەشەمی ماددەی یەکەمدا لەبری "ڕۆژنامە" مەبەستی "چاپکراوی خولەکیی" خستبایەتەرو، چونکە بەو پێیە یاساکە گۆڤار و بڵاوکراوە و مانگنامە و وەرزنامە و... ناگرێتەوە، خۆ ناشکرێت بۆ هەریەکێك لەمانە یاسایەکی تایبەت دابنرێت؟ بۆیە، بۆ ڕێکخستنی ئەمانە و تەنانەت چاپکراوی ناخولەکیی (نادەوری)یش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ یاساکانی تر. (یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان ماددەی یەکەم/ شەشەم: "**ڕۆژنامە:** هەر چاپکراوێك، کە بە شێوەیەکی خولی و بە ناوێکی دیاریکراو و بە ژمارەی ریزبەند و بە ڕێکوپێکی دەربچێ و دابەشبکرێ"، یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان ماددەی یەکەم/ 4-: "**چاپکراوی خولەکی** (دەوری): هەر چاپکراوێك، کە بەردەوام بە ژمارەی زنجیرەیی و لە کاتێکی دیاریکراودا دەربچێت، وەك ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە و هەرچییەکی لەم بابەتە بێت").

لە بڕگەی دوەمی ماددەی دوەمی یاساکەدا هاتوە: "ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە هەر زانیارییەك، کە بایەخی بۆ هاوڵاتیان هەبێ و پەیوەندییان بە بەرژەوەندیی گشتییەوە بێ وەدەست بێنێ بە پێی یاسا".

پێش هەمو شتێك هەردو دەستەواژەی "بایەخی بۆ هاوڵاتییان هەبێ"، "پەیوەندییان بە بەرژەوەندیی گشتییەوە بێ" روننەکراونەتەوە و پێوەرەکانیان دیارینەکراوە و لاستیکیین، لەو حاڵەتەیشدا گەر زانیارییەك بایەخیشی بۆ

هاوڵاتییان هەبێت، یان پەیوەندیشی بە بەرژەوەندیی گشتییەوە بێ، دەکرێ لێکدانەوەی تری بۆ بکرێت و بە پاساوی دیکە ڕێگەی بەدەستهێنانی بگیرێت. یاخود دەبێت دیسانەوە بۆ یاسای بەرکاری تر لە هەرێم بگەڕێینەوە، بۆ نمونە: ماددەکانی 176 تاکو 189 لە یاسای سزادانی عیراق ئەو مافە بە ڕۆژنامەنوس نادەن.

جگە لەوەی، پێویست بو بڕگەکە مافی بە ڕۆژنامەنوس بدایە و بنوسرایە: "ئەگەر لایەنی بەرپرس زانیارییەکە نەدات، مافی ڕۆژنامەنوسەکەیە پەنا بەرێتە بەر داواکاری گشتیی، یان دادگای تایبەتمەند بۆ لێکۆڵینەوە لە لایەنی بەرپرس"، وەك چۆن لە یاسای هەندێ لە وڵاتانی پێشکەوتو و دیموکراسدا ئەو مافە دەستەبەرکراوە.

لە بڕگەی سێیەمی هەمان ماددەدا هاتوە: "سەبارەت بەو داواکارییانەی دەخرێنە بەردەم دادگا، ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە سەرچاوەی ئەو زانیاری، یان ئەو هەواڵانەی کە بەدەستیان دێنێ نهێنییان بپارێزێ، مەگەر دادگای تایبەتمەند بە پێچەوانە بڕیار بدا". بەڵام ڕونینەکردۆتەوە، ئەگەر ڕۆژنامەنوسەکە لەسەر پاراستنی سەرچاوەی زانیاریی، یان هەواڵەکەی سوربو، ئەوا بە مافێکی خۆی، یاخود بە تاوان دادەنرێت، لە کاتێکدا بە پێی ماددەکانی 241 و 242ـی یاسای سزادانی عیراق تۆمەتباردەکرێت و سزا دەدرێت!

بڕگەی پێنجەمیش نوسراوە: "ڕۆژنامە قەدەغە ناکرێ و دەستی بەسەردا ناگیرێ". لە کاتێکدا ڕێگەی تریش بۆ سنوردانان بۆ گەیشتنی پەیامی ڕۆژنامەنوس بە خوێنەر هەیە و لە یاسا بەرکارەکانی دیکەدا ئاماژەیان پێ دراوە، وەك: قەدەغەکردنی دابەشکردن، داخستن... تاد و دەسەڵاتی سیاسیی دەتوانێت لە کاتی پێویستدا بۆیان بگەڕێتەوە و ئازادیی ڕۆژنامەنوسیی بە یاسا قۆرخ بکات.

بەشی دووەمی یاساکە تایبەتە بە"مەرجەکانی دەرکردن و دەستبەرداربوون لە رۆژنامە"، لە بڕگەی یەکەمی ماددەی سێیەمدا بۆ بڵاوکردنەوەی راگەیاندنی دەرکردنی رۆژنامە ئاماژە بە نوسینی "نازناو"ی خاوەن ئیمتیاز، یان دامەزرێنەر دەکات، لە کاتێکدا لە یاسای باری شارستانیی عیراقدا مەرج نییە هەمو هاوڵاتییەك ناسناوی هەبێت. سەرەڕای ئەوەی رونینەکردۆەتەوە مەبەستی ناسناوی کۆمەڵایەتیی، یان پیشەیی، یان زانستیی... تادیە.

لە بڕگەی سێیەمی ماددەی حەوتەمی بەشی چوارەمی یاساکە "ماف و ئیمتیازەکانی رۆژنامەنووس"دا هاتوە: "ڕۆژنامەنووس مافی ئەوەی هەیە سەرچاوەی زانیارییەکانی ئاشکرا نەکات، تەنها بە بڕیاری دادوەر نەبێ". بەڵام کاتێك بە بڕیاری دادوەریش ئەو سەرچاوانەی ئاشکرانەکرد، دیسانەوە یاسای سزادانی بۆ دەکەوێتەکار و بە گوێرەی ماددەکانی 437 و 438 تۆمەتبار دەکرێت.

ئەم بڕگەیە و بڕگەی سێیەمی ماددەی دوەمیش، کە بۆ یاسای سزادان دەگەڕێنەوە، پانتایی ئازادیی بەدەستهێنانی زانیاریی بەرتەسکدەکەنەوە و سەرچاوەکانی زانیاریی دەترسێنن و وایان لێدەکەن سڵ لە پێدانی زانیاریی بە رۆژنامەنوس بکەنەوە.

لە بڕگەی پێنجەمی ماددەکەدا، کە دەڵێت: "هەر کەسێك بە هۆی کارەکەیەوە سووکایەتی بە رۆژنامەنووس بکات، یان دەستدرێژیی بکاتەسەر، ئەوا هەمان ئەو سزایە دەیگرێتەوە، کە بۆ دەستدرێژیکردنە سەر فەرمانبەرێك لە کاتی، یان بە هۆی بەجێهێنانی ئەرکەکانی دانراوە". چوارچێوەی مافی رۆژنامەنوس فراوان نییە، چونکە جگە لە "سووکایەتیپێکردن و دەستدرێژیکردنەسەر" بە پێی ماددەکانی 229 تاکو 233 لە یاسای سزادانی عیراق، چەند کردەوەیەکی تریش هەن، کە تاوان

پێکدێنن، وەکو: "ڕێگرتن لە کارەکەی، ڕێوشوێن بۆ دانان، هەڕەشەلێکردن...تاد".

لە بڕگەی یەکەمی ماددەی نۆیەمدا، ڕۆژنامەنوس و سەرنوسەر لەوە ئاگاداردەکاتەوە، لە کاتی بڵاوکردنەوی چەند خاڵێکدا بە بڕێك پارە سزا دەدرێن، بەڵام زۆربەی خاڵەکان پێناسەنەکراو و تەمومژاوییی و لاستیکیین و دەرفەت بۆ دەسەڵاتی سیاسیی خۆشدەکات لێکدانەوەی تری بۆ بکات و تۆمەتباری بکات، لە بارێکدا بابەتە بڵاوکراوەکە ئەو مانایەش نەگەیەنێت. بۆ نمونە دەستەواژەکانی: "چاندنی تۆی ڕقوکینە و لێکترازاندنی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە، سووکایەتیکردن بە بیروباوەڕ و ڕێوڕەسمە ئایینییەکان، سووکایەتیکردن بە سیمبوول و پیرۆزییەکانی هەر ئایین و ئایینزایەك و لەکەدارکردنیان...تاد".

لە خاڵی 7ـی هەمان بڕگەشدا، کە وەکو تەواوکردنی خاڵەکانی تر هاتوە: "پێشێلکردنی پرەنسیپەکانی بەڵێننامەی (**میثاق شرف**)ـی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ساڵی (1954)ـی هەموارکراو کە پاشکۆی ئەم یاسایەیە". ئەمەش تێکەڵییەکی لە نێوان یاسا و ئاکاردا دروستکردوە، چونکە وەك لە پێناسەی بنەماکانی ئاکار (ئێتیك)ـدا هاتوە، سزای ئەوەی لە ئاکارنامە (پەیماننامەکانی شەرەف) لادەدات خۆی لە سەرزەنشتکردنی ویژدان و قینی کۆمەڵدا دەبینێتەوە، بەم شێوەیە سزاکە سزایەکی ئەدەبییە و لە روی مادییەوە جێبەجێناکرێ، لە کاتێکدا سروشتی سزادان لە کاتی لادان لە ڕێساکانی یاسادا سروشتێکی بەرجەستەیە، جا ئەمە مەدەنیی، یان سزایی، یان ئیداریی بێت، دەسەڵاتی گشتیی و دامودەزگاکانی جێبەجێی دەکەن، بە پێچەوانەی سزای بنەماکانی ئاکار، کە ویژدانی تاکی گوناهبار لە وێنەی سزادانی خۆی و سەرزەنشتکردنی ویژدانی کۆمەڵێك لە وێنەی تانەدان لێی جێبەجێی دەکات.

گشت پیشەکان، بە گوێرەی چەند بنەمایەکی ئاکاریی ڕێکدەخرێن، ئەم ڕێکخستنە بەشێك نییە لە ڕێکخستنی یاسایی و تایبەتمەندیی پابەندبون (إلزامی)ی بۆ هەمو ئەو کەسانەی لەو پیشەیەدا کاردەکەن نییە، بەڵام کاتێك سەندیکایەکی دیاریکراو ئاکارنامەیەکی خۆی هەبو، یان پابەندیی خۆی بۆ ئاکارنامەیەك دەربڕیبو، ئەندامانی سەندیکاکە، لە کاتی لادان لەو بنەمایانە ڕوبەڕوی سزایەکی سەندیکایی دەبنەوە، کە سەندیکاکەیان ئەنجامیدەدات، قورسیی و سوکیی ئەو سزایانەیش بە پێی گەورەیی و بچوکی ئەو سەرپێچییە دەگۆڕێت، کە ئەندامی ئەو سەندیکایە لە میانی کارەکەیدا دەیکات. بۆیە ناکرێت ئاکارنامەیەك بکرێتە پاشکۆی یاسایەك و، پێشێلکردنیشی بە سەرپێچیی یاسایی هەژماربکرێت و سزای هەبێت. ئەمەش یەکێکە لەو هەڵە زەقانەی یاسادانەری هەرێم لە دانانی ئەم یاسایە تێیکەوتوە.

بە خوێندنەوەیەکی وردی یاساکە دەگەینە ئەوەی، لە روی فەراهەمکردنی ئازادیی رادەربڕین و ڕۆژنامەنوسیی و بڵاوکردنەوەوە و دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی، (یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان) ڕەوشی ڕۆژنامەنوسانی هەرێمی کوردستانی هەنگاوێکی ئەوتۆ نەبردۆتە پێشەوە. ئەگەر ماددەیەکی ئازادیی تێدابێت، لە چەند ماددەیەکی تردا وەریدەگرێتەوە!

سەرباری ئەوەی ئاکار و ئازادیی هەمیشە پێچەوانە دەگۆڕێن، واتە بە فراوانبونی ڕوبەری ئازادیی، پانتایی ئاکار بەرتەسکدەبێتەوە. ڕاستە، ئاکاری ڕۆژنامەنوسیی هەوڵدانێکە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی لە نێوان (ئازادیی ڕۆژنامەنوسیی) و (ئازادیی تاك)، بەو پێیەی ئازادیی رەها زۆرجار زیان بە کۆمەڵ و تاکەکانی دەگەیەنێت و وەکو لە ڕاگەیاندراو و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانیشدا جەختی لەسەر کراوەتەوە، ئازادییش سنوری خۆی هەیە، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت، بە پاساوی جیاواز و گوزارشتی

نارۆشن و لە رێگەی یاساوە بەر بە ئازادییەکان بگیرێت و بە لایەنی ئاکاریی ببەسترێتەوە.

## سەرچاوەکان:

**بۆ نوسینی ئەم بابەتە، سود لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگیراوە:**

**1- د. إبراهيم الداقوقي: قانون الإعلام- نظرية جديدة في الدراسات الاعلامية الحديثة، (ب. م، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي- جامعة بغداد، مطبعة وزارة الاوقاف و الشؤون الدينية، ب. س).**

**2- د. حسن عماد مكاوي: أخلاقيات العمل الاعلامي- دراسة مقارنة، ط3 (القاهرة: الدار المصرية البنانية، 2003).**

3- دەقی هەمو ئەو یاسایانەی لە بابەتەکەدا ئاماژەیان پێ دراوە.

4- دەستوری هەمیشەیی عیراق، بۆ ساڵی 2005.

**5- سامان فوزي عمر: مسؤولية االصحفي المدنية الناتجة عن اخطائه المهنية - دراسة المقارنة، رسالة ماجستير، جامعة سليمانية، كلية القانون، 2003.**

**6- فتحي حسين احمد عامر: أخلاقيات الصحافة في نشر الجرائم- دراسة تحليلية مقارنة، (القاهرة: ايتراك للنشر و التوزيع، 2006).**

7- کەمال رەزا: چەند سەرنجێك لەسەر یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان، بەشی یەکەم و دوەم، چاودێر (رۆژنامە)، ژمارە 216 و 217، دوشەممە 2 و 2009/3/9.

8- د. کەمال سەعدی: چوارچێوەی یاسایی ئازادیی رۆژنامەگەری لە کوردستانی عێراقدا -توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە-، چ1 (هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، 2006).

**9- د. ماجد راغب الحلو: حرية الاعلام و القانون، (الاسكندرية: منشأة المعارف، 2006).**

10- هێرش ڕەسوڵ: ئازادیی ڕادەربڕین لە ڕۆژنامەنوسیی کوردیدا (1993 - 2007)، ماستەرنامە، زانکۆی سلێمانی- بەشی ڕاگەیاندن- کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپنەکراوە.
11- هێرش ڕەسوڵ (کۆدیدار): میدیا و دەسەڵات، چ1 (سلێمانی: لە کتێبە چاپکراوەکانی ڕۆژنامەی چاودێر، 2008).

***

***ئەم توێژینەوەیە، لە ژمارە 16ی ڕۆژی 22ی نیسانی 2009ی گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس)ـدا بڵاوکراوەتەوە، دواتر لە کتێبی (ئێتیك و یاسا لە میدیای کوردیدا) ل79-90 جارێکی تر بڵاوکراوەتەوە.**